کرێکارێک لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە پڕۆژەکانی شاری سلێمانی کووتەخوارەوە و گیانی لەدەستداوە



نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، کرێکارێک لەکاتی کارکردن لە یەکێک لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە شاری سلێمانی کووتەخوارەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەم کرێکارە ناوی "گێران ئەکرەم"ـە و خەڵکی شاری سلێمانییە و تەمەنی 37 ساڵە، هەروەها خاوەنی دوو منداڵە، ئەمڕۆ لەکاتی کارکردنیدا لە پڕۆژەی نیشتەجێبوونی (77 پارک) لەشاری سلێمانی، لە بەرزایی یەکێک لە باڵەخانەکانی ئەو پڕۆژەیە کووتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە.

گێران ئەکرەم